Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

# 25 پرسیار سەبارەت بە

# هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا

## 31 - مارس - 2024




ئارام جەمال

توێژەر و شارەزای هەڵبژاردن

بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن


مارس/ 2024



## پرسیارە گرنگ و پێویستەکان:

پ١: بیستەمین خولی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا کەی ئەنجامدەدرێت؟

پ٢: ماوەی یاسایی لە نێوان دوو هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیادا چەند ساڵە؟

پ٣: هەڵبژاردن بۆ چەند پلە و ئاستی خۆجێی ئەنجامدەدرێت؟

پ٤: ڕەنگی کارتەکانی دەنگدان لە هەڵبژاردنی پلە و ئاستە خۆجێییەکاندا چۆنە؟

پ٥: چێوەی یاسایی پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا کامانەن؟

پ٦: چۆن سنوری بازنەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنە خۆجێییەکان دیاری دەکرێت؟

پ٧: بە چ پێوەرێک گەورە شارەکانی تورکیا دیاری دەکرێن و کامانەن؟

پ٨: بە چ پێوەرێک ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی پاریزگاکان دیاری دەکرێت؟

پ٩: چۆن ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیی قەزاکان دیاری دەکرێت؟

پ١٠: بە چ پێوەرێک ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی گوند و ئەنجومەنی پیاوماقووڵان دیاری دەکرێت؟

پ١١: لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا چ سیستمێکی هەڵبژاردنی پیادەدەکرێت؟

پ١٢: هەڵبژاردنە خۆجێییەکانی تورکیا لە لایەن چ دەستەیەکەوە سەرپەشتی دەکرێت؟

پ١٣: چەند حزبی سیاسی بەشداری لەم هەڵبژاردنە خۆجێیەی تورکیادا دەکات؟

پ١٤: مەرجەکانی بەشداریکردنی حزبی سیاسی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا کامانەن؟

پ١٥: کەی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستپێدەکات و چ کاتێکیش رادەوەستێت؟

پ١٦: لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا بەربەستی هەڵبژاردن هەیە؟

پ١٧: هاوڵاتیانی دەرەوەی تورکیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا دەکەن؟

پ١٨: ئەو هاوپەیمانێتیانە کامانەن کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا دەکەن؟

پ١٩: ڕێژەیەکی سەدیی بۆ کۆتای ژنان لە یاسای هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا دیاریکراوە؟

پ٢٠: پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان کورسی کۆتایان بۆ تەرخاندەکرێت؟

پ٢١: دەنگدانی تایبەت لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا پیادەدەکرێت؟

پ٢٢: لە مێژووی کۆماری تورکیادا چەند هەڵبژاردن بۆ شارەوانییەکان ئەنجامدراوە؟

پ٢٣: لە کەیەوە کورد بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا دەکات؟

پ٢٤: ئەنجامی حزبە براوەکان لە نۆزدەیەمین خولی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا چۆنە؟

پ٢٥: قەیوم چییە و یاسای قەیوم کەی و بۆچی دەرچوو؟

## پ١: بیستەمین خولی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا کەی ئەنجامدەدرێت؟

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (31-03-2024) بیستەمین خولی هەڵبژاردن بۆ شارەوانییەکانی تورکیا ئەنجام دەدرێت، پرۆسەی دەنگدان یەک ڕۆژە و لە 32 ویلایەتی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بەهۆی زوو خۆرئاوابوونەوە دەنگدان لە کاژێر (7)ی بەیانییەوە هەتا (4)ی عەسرە بەڵام لە 49 ولایەتی ڕۆژئاوای تورکیادا پرۆسەکە سەعاتێک لە دواترە و لە کاژێر (8)ی بەیانییەوە دەستپێدەکات بۆ (5)ی عەسر و دوای ئەوە ڕاستەوخۆ دەست بە جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان دەکرێت و لە کاژێر (11:59)ی هەمان ڕۆژدا ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکە ڕادەگەیەنرێت.

## پ٢: ماوەی یاسایی لە نیوان دوو هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیادا چەند ساڵە؟

هەڵبژاردنی حکومەتی خۆجێیی هەر پێنج ساڵ جارێک ئەنجامدەدرێت و لە 1ی 1ی ساڵی پێنجەمدا ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردن دەستپێدەکات و دوا یەکشەممەی مانگی ئازاری هەمان ساڵ ڕۆژی دەنگدانە. بەڵام لە باری هەڵیسانی جەنگدا یاسای هەڵبژاردنی ئیدارە خۆجێییەکان (ژمارە 2972) ڕێگەی داوە بەوەی کە یەک ساڵی دیکە تەمەنی درێژبکرێتەوە و ماوەکەی بکرێتە شەش ساڵ.

## پ٣: هەڵبژاردن بۆ چەند پلە و ئاستی خۆجێی ئەنجامدەدرێت؟

لە ڕۆژی دەنگداندا، هەڵبژاردن بۆ ئەم چەند ئاستە لە حکومەتی خۆجێی ئەنجامدەدرێت:

- هەڵبژاردنی سەرۆکی گەورە شارەوانی (مەترۆپۆل)/ ژمارەیان (30) گەورە شارەوانییە.
- هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی پارێزگا (ئیل)/ ژمارەیان (51) پارێزگایە.
- هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی قەزا (ئیلچە)/ ژمارەیان (1393) قەزایە.
- هەڵبژاردنی ئەندامی ئەنجومەنی گشتی پارێزگا.
- هەڵبژاردنی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی قەزا.
- هەڵبژاردنی موختاری گوند و گەڕەک و ئەندامانی ئەنجومەنی پیران/ ژمارەیان 53 هەزارە.

## پ٤: ڕەنگی کارتەکانی دەنگدان لە هەڵبژاردنی پلە و ئاستە خۆجێیەکاندا چۆنە؟

- کارتی دەنگدانی سپی/ تایبەتە بە هەڵبژاردنی سەرۆکی گەورە شارەوانی.
- کارتی دەنگدانی شین/ تایبەتە بە هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی.
- کارتی دەنگدانی زەرد/ بۆ هەڵبژاردنی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی.
- کارتی دەنگدانی پرتەقاڵی/ بۆ هەڵبژاردنی ئەندامی ئەنجومەنی گشتی پارێزگا.

## پ٥: چێوەی یاسایی پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا کامانەن؟

ئەو یاسایانەی کە پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیادا چێوەدار دەکەن بریتین لە هەریەک لە (یاسای هەڵبژاردنی ئیدارە خۆجێییەکان و موختار و ئەنجومەنە بریکارەکان 1984-2972) و (یاسای ئەحکامە بنەڕەتییەکانی هەڵبژاردن و تۆماری دەنگدەران 298-1961) و (یاسای حزبە سیاسییەکان 2820-1983) و (یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان 2839 - 1963).

## پ٦: چۆن سنوری بازنەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنە خۆجێیەکان دیاری دەکرێت؟

تورکیا لەڕووی کارگێڕییەوە لە (81) پارێزگا پێکدێت و سنوری کارگێڕیی هەر پارێزگایەکیش بازنەیەکی هەڵبژاردنە، کە ئەنجومەنێکی شارەوانی گشتی لەسەر ئاستی پارێزگاکە هەیە، هاوکات هەر شار و قەزایەکی سەر بە پارێزگاکەش بازنەیەکی هەڵبژاردنە و سەرۆک و ئەنجومەنێکی شارەوانی تایبەت بە خۆی هەیە.

بۆ نموونە گەورە پارێزگای ئامەد بازنەیەکی هەڵبژاردنە و لەپاڵ سەرۆکی گەورە شارەوانییەکەیدا ئەنجومەنێکی شارەوانی گشتی لەسەر ئاستی پارێزگاکە هەیە، هاوکات هەریەک لە حەڤدە قەزاکەشی بازنەیەکی هەڵبژاردنە و هەر یەکەیان ئەنجومەنێکی شارەوانی تایبەت بە خۆی هەیە.

## پ٧: بە چ پێوەرێک گەورە شارەکانی تورکیا دیاری دەکرێن و کامانەن؟

ژمارەی دانیشتوانی هەر پاریزگایەک بگاتە 750 هەزار کەس، ئەو پارێزگایە بە گەورە پارێزگا (میترۆپۆل) هەژماردەکرێت. کە ئەوانیش بریتین لەم 30 گەورە پارێزگایە:

ئەستەنبوڵ، ئەنقەرە، ئەزمیر، ئامەد (دیاربەکر)، ئەنتالیا، ئەرزەڕوم، ئەدەنە، ئۆردو، ئایدن، ئاسکیشهیر، بالیکسیر، بۆرسە، دەنیزلی، غازی عەنتاب، هاتای، قەهرەمان مرعش، قەیسەری، کوجایلی، قۆنیا، مەلاتیا، مانیسا، ماردین، مێرسین، مۆگلا، سکاریا، سامسۆن، شانلی ئۆرفە، تەکیرداغ، تەرابزۆن، وان .

## پ٨: بە چ پێوەرێک ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی پاریزگاکان دیاری دەکرێت؟

دیـاریکردنی ژمـارەی ئەنـدامانی ئەنجـومەنی پارێزگاکـان لە هەر بـازنەیەکی هەڵبژاردنـدا پاڵپشتە بە تـازەترین سـەرژمێری دانیشـتووان و لەسـەر بنەمـای ئەم پێـوەرانەی خـوارەوە دیاری دەکرێن:

- ئەو پارێزگایەی ژمارەی دانیشتوانەکەی بگاتە 250 هەزار کەس، 2 ئەندامی ئەنجـومەنی دەبێت.

- ئەو پارێزگـایەی ژمـارەی دانیشــتوانەکەی لەنێــوان 25001 بــۆ 50000 کەســدایە، 3 ئەندامی ئەنجومەنی دەبێت.

- ئەو پارێزگـایەی ژمـارەی دانیشــتوانەکەی لەنێــوان 50001 بــۆ 75000 کەســدایە، 4 ئەندامی ئەنجومەنی دەبێت.

- ئەو پارێزگـایەی ژمـارەی دانیشــتوانەکەی لەنێــوان 75001 بــۆ 100000کەســدایە، 5 ئەندامی ئەنجومەنی دەبێت.

- ئەو پارێزگـایەی ژمـارەی دانیشــتوانەکەی لە ســەروو 100هەزار کەســەوە بێــت، لەوکاتەدا بۆ هەر سەد هەزار کەسێک ئەندامێک بۆ ئەنجومەنەکەی زیاد دەکرێت.

- ئەو پارێزگـایەی ژمـارەی دانیشـتوانەکەی لە سـەروو 100هەزار کەسـەوە بێـت و دوای ئەوەی بەســەر ســەد هەزاردا دابەشــکدەکرێت ئەگەر ژمــارەی ئەو دانیشــتوانەی لێــی دەمێنێتەوە لە 50 هەزار کەس زیاتر بـوو ئەوا ئەنـدامێکی دیکەی بۆ زیاد دەکرێت، بەڵام ئەگەر لە 50 هەزار کەسی کەمتر مایەوە هیچ ئەندامێکی بۆ زیاد ناکرێت.

- هەر ئەنجــومەنی پارێزگـایەک چەنـد ئەنــدامی بنەڕەتــی هەبێــت ئەوەنــدە ئەنــدامی یەدەکیشی دەبێت.

## پ٩: چۆن ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیی قەزاکان دیاری دەکرێت؟

ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیی قەزاکان بەم پێودانگە دیاری دەکرێن:

- ئەو قەزایەی ژمـارەی دانیشـتوانەکەی دەگـاتە 10هەزار کەس، 9 ئەنـدامی ئەنجـومەنی بەردەکەوێت.

- ئەو قەزایەی ژمارەی دانیشتوانەکەی لەنێوان 10001 بۆ 20000 کەسدایە، ئەنجـومەنی شارەوانیەکەی 11 ئەندامی بەردەکەوێت.

- ئەو قەزایەی ژمـــارەی دانیشـــتوانەکەی لەنێـــوان 20001 بـــۆ 50000 کەســـدایە، ئەنجومەنی شارەوانیەکەیان 15 ئەندامی بەردەکەوێت.
- ئەو قەزایەی ژمـــارەی دانیشـــتوانەکەی لەنێـــوان 50001 بـــۆ 100000 کەســـدایە، ئەنجومەنی شارەوانیەکەی 25 ئەندامی بەردەکەوێت.
- ئەو قەزایەی ژمـــارەی دانیشـــتوانەکەی لەنێـــوان 100001بـــۆ 250000 کەســـدایە، ئەنجومەنی شارەوانیەکەی 31 ئەندامی بەردەکەوێت.
- ئەو قەزایەی ژمـــارەی دانیشـــتوانەکەی لەنێـــوان 250001 بـــۆ 500000 کەســـدایە، ئەنجومەنی شارەوانیەکەی 37 ئەندامی بەردەکەوێت.
- ئەو قەزایەی ژمـــارەی دانیشـــتوانەکەی لەنێـــوان 500001 بـــۆ 1000000 کەســـدایە، ئەنجومەنی شارەوانیەکەی 45 ئەندامی بەردەکەوێت.
- ئەو قەزایەی ژمـــارەی دانیشـــتوانەکەی لە یەک ملیـــۆن کەس زیـــاترە، ئەنجـــومەنی شارەوانیەکەی 55 ئەندامی بەردەکەوێت.
- ئەنجومەنی شارەوانی هەر قەزایەک بە ئەندازەی ژمارەی ئەندامانی بنەڕەتی، ئەندامی یەدەکیشی هەیە.

## **پ١٠**: بە چ پێوەرێک ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی گوند و ئەنجومەنی پیاوماقووڵان دیاری دەکرێت؟

- ئەو گونـد و دێهاتـانەی ژمـارەی دانیشـتوانیان دەگـاتە 1000 کەس، 8 ئەنـدامی ئەنجومەنیـان بـۆ هەڵـدەبژێردرێت و لەو ژمـارەیە چواریـان، کە زۆرتـرین دەنگیـان بەدەسـتهێناوە، دەبـنە ئەنـدامی بنەڕەتـی ئەنجـومەنەکە و چـوارەکەی تریـان دەبـنە ئەندامی یەدەک.
- ئەو گونـد و دێهاتـانەی ژمـارەی دانیشـتوانیان لەنێـوان 1001 بـۆ 2000 کەسـدایە، 10 ئەنـدامی ئەنجومەنیـان بـۆ هەڵـدەبژێردرێت و لەو ژمـارەیە پێنجیـان، کە زۆرتـرین دەنگیـان بەدەسـتهێناوە، دەبـنە ئەنـدامی بنەڕەتـی ئەنجـومەنەکە و پێـنجەکەی تریـان دەبنە ئەندامی یەدەک.
- ئەو گونـــد و دێهاتـــانەی ژمـــارەی دانیشـــتوانیان لە 1000 کەس زیـــاترە، 12 ئەندامی ئەنجومەنیان بۆ هەڵدەبژێردرێت و لەو ژمارەیەش شەشیان، کە زۆرترین

دەنگیان بەدەستهێناوە، دەبنە ئەندامی بنەڕەتی ئەنجومەنەکە و شەشەکەی تریان دەبنە ئەندامی یەدەک.

- هەشت کەس بۆ ئەنجومەنی پیاوماقوولانی گەڕەک هەڵدەبژێردرێت و لەو ژمارەیە چواریان، کە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە، دەبنە ئەندامی بنەڕەتی ئەنجومەنەکە و چوارەکەی تریان دەبنە ئەندامی یەدەکی ئەنجومەنەکە.

**پ١١:لە هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیادا چ سیستمێکی هەڵبژاردن پیادە دەکرێت؟**

بۆ گۆڕینی دەنگی لیستی پارتە سیاسییەکان و کاندیدە سەربەخۆکان بۆ کورسیی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی شارەوانی قەزاکان، سیستمی هەڵبژاردنی (لیستی داخراوی نوێنەرایەتی رێژەیی/ شێوازی هۆندت) پیادە دەکرێت، ئەویش بە دابەشکردنی ژمارەی دەنگەکانی هەر حزبێک بەسەر ژمارەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6، 7... هتد).

لە کاتێکدا بردنەوەی کورسییەکەی سەرۆکی گەورە شارەوانی و سەرۆکی شارەوانی پارێزگا و سەرۆکی شارەوانی قەزا و موختارەکان بە سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینەی براوەی یەکەم دەبێت.

**پ١٢: هەڵبژاردنە خۆجێیەکانی تورکیا لە لایەن چ دەستەیەکەوە سەرپەشتی دەکرێت؟**

- کۆی پرۆسەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی تورکیا لەلایەن (دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان - Sıkça Sorulan Sorular–YSK)ەوە بەڕێوەدەچێت، کە لە حەوت ئەندامی سەرەکی و چوار ئەندامی یەدەک پێکهاتووە و ئەندامەکان لەلایەن دادگای دەستورییەوە هەڵدەبژێردرێن. هاوکات هەر پارێزگا و قەزایەکیش دەستەیەکی هەڵبژاردنی ناوچەیی تایبەت بە سنوورەکەی خۆی هەیە، کە درێژکراوەی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانە.

**پ١٣:چەند حزبی سیاسی بەشداری لەم هەڵبژاردنە خۆجێیەی تورکیادا دەکات؟**

لە لای دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا (36) حزبی سیاسی تۆمارکراون. لە دیارترینیان (پارتی دادو گەشەپێدان AKP، پارتی گەلی کۆماری CHP، پارتی یەکسانی و دیموکراسی DEM Party (هەدەپە)، پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست MHP، پارتی باش IYI Party، پارتی دیموکراتیDP، پارتی سەعادەت SP، پارتی رەفاهی نوێYRP، پارتی سەرکەوتن ZP، پارتی دەعوای ئازادی HUDAPAR، پارتی کرێکارانی تورکیا TIP...هتد ).

## پ١٤: مەرجەکانی بەشداریکردنی حزبی سیاسی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا کامانەن؟

یاسای پارتی سیاسی لە تورکیادا، چەند مەرجێکی بۆ بەشداریکردنی پارتی سیاسی لە هەڵبژاردنی خۆجێی تورکیادا داناوە، وەکئەوەی:

1- پێویستە لە (41) پارێزگای تورکیادا رێکخستنی هەبێت و ئۆفیسی کردبێتەوە.

2- پێویستە لانیکەم شەش مانگ بەر لە رۆژی هەڵبژاردن کۆنگرەی پارتەکەی بەستبێت. (Art. 36, Law No.2820)

3- ئەگەر پارتێکی سیاسی نەتوانێت لە لیستەکەیدا بە ئەندازەی ژمارەی کورسییەکانی هەر بازنەیەک بۆ زیاتر لە نیوەی ژمارەی پارێزگاکانی تورکیا پێشکەش بە دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان بکات، ئەوا مافی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنە خۆجییەکاندا دەفەوتێت. (Art. 13, Law No.2820).

4- پێویستە حزبی سیاسی بەشداربوو لانیکەم لەلایەن 20 ئەندامی پەرلەمانی تورکیاوە پشتیوانی لێبکرێت، یاخود لەلایەن پارتێکی سیاسییەوە پشتیوانی لێبکرێت کە رێژەی دەنگەکانی لە دوا هەڵبژاردنی پەرلەماندا لە (7%) کەمتر نەبێت.

## پ١٥: کەی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستپێدەکات و چ کاتێکیش رادەوەستێت؟

هەڵمەتی هەڵبژاردن لە رۆژی 01-01-2024 ەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت هەتا سەعات (6)ی ئێوارەی رۆژی شەممە رێکەوتی 30 مارتی 2024 بانگەشەی هەڵبژاردن رادەوەستێت و متبوونی هەڵبژاردن دەستپێدەکات

## پ١٦: لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا بەربەستی هەڵبژاردن هەیە؟

رێژەی بەربەست لە بەردەم ئەو حزبانەدا نییە کە بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا دەکەن، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیادا رێژەی بەربەستی (7%) لە بەردەم حزب و هاوپەیمانێتییە بەشداربووەکاندا هەیە.

## پ١٧: هاوڵاتیانی دەرەوەی تورکیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا دەکەن؟

جیاواز لە هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی تورکیا، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا دەنگدەرانی دەرەوەی تورکیا ناچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان بەڵکو تەنها دەنگدەرانی ناوخۆی تورکیا بەشداری لەم هەڵبژاردنە خۆجێیەدا دەکەن، کە ژمارەیان لەم هەڵبژاردنەدا 61 ملیۆن و 441 هەزار و 882 دەنگدەرن و بەسەر (207) هەزار و 249 وێستگەی دەنگداندا دابەش کراون.

**پ١٨: ئەو هاوپەیمانێتیانە کامانەن کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا دەکەن؟**

لەم هەڵبژاردنەی شارەوانییەکانی تورکیادا تەنها یەک هاوپەیمانێتی لە ئارادا هەیە، ئەویش "هاوپەیمانێتی خەڵک"ە، کە لە نێوان پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) بە سەرۆکایەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست (MHP) بە سەرۆکایەتی دەولەت باخچەلیدا بەستراوە.

**پ١٩: رێژەیەکی سەدیی بۆ کۆتای ژنان لە یاسای هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا دیاریکراوە؟**

لە هیچکام لە یاسای شارەوانییەکان و لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیادا رێژەی سەدیی کۆتای ژنان نییە، ئەوەی هەیە کاندیدانی ئافرەت دەتوانن لە رێگەی لیستەوە یاخود وەک کاندیدی تاکەکەسی بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بکەن.

**پ٢٠: پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان کورسی کۆتایان بۆ تەرخاندەکرێت؟**

بەو پێیەی دەستوری تورکیا وەک تورک پێناسەی هەموو هاوڵاتیان دەکات لەبەرئەوە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ناو ئەو وڵاتە نەک هەر کورسی کۆتایان بۆ تەرخان نەکراوە بەڵکو نابێت پارتە سیاسییەکانی سەر بەو پێکهاتانە ناسنامە و سیمبوڵی نەتەوەیی و ئایینی بە پاشگری ناوەکانیشیانەوە هەبێت.

**پ٢١: دەنگدانی تایبەت لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا پیادەدەکرێت؟**

دەنگدانی تایبەت لە هیچکام لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و پەرلەمانی تورکیادا پیادەناکرێت، بەڵام ئەو هێزانەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆن یان ئەو سەربازانەی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرک و فەرمانەکانیان گوێزراونەتەوە بۆ پاریزگای دیکەی دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان، ئەوانە دەتوانن لە رۆژی دەنگداندا لەوێ دەنگبدەن و دەنگەکانیشیان لەو بازنەی هەڵبژاردنەدا بۆ هەژمار دەکرێت، کە دەنگی تێدا دەدەن.

**پ٢٢: لە مێژووی کۆماری تورکیادا چەند هەڵبژاردن بۆ شارەوانییەکان ئەنجامدراوە؟**

لە کۆماری تورکیادا یەکەمین هەڵبژاردن بۆ شارەوانییەکان لە ساڵی 1930دا ئەنجامدراوە. لەو بەروارەوە هەتا ساڵی 1950 ماوەی نێوان دوو هەڵبژاردن چوار ساڵ بووە بەڵام لە دوای ئەو بەروارەوە ماوەی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی کراوەتە پێنج ساڵ.

لە یەکەم هەڵبژاردنەوە هەتا بیستەمین خول تەنها دووجار هەڵبژاردنی شارەوانییەکان تورکیا دواکەوتووە، یەکەمیان بەهۆی کودەتای ساڵی (1960)وە بووە، کە بەهۆیەوە 3 ساڵ دواکەوتووە و دووەمجار بەهۆی کودەتای ساڵی (1980)وە 2 ساڵ دواکەوتووە.

**پ٢٣: لە کەیەوە کورد بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا دەکات؟**

دوای داخستنی هەردوو (پارتی ڕەنجی گەل- HEP) و (پارتی ئازادی و دیموکراتی - OZDEP) لە ساڵی 1993دا و بە دواتر داخستنی (پارتی دیموکراتی- DEP) لە ساڵی 1994دا، لە هەناوی ئەوانەوە پارتێکی کوردی دیکە لە مانگی مەی ساڵی 1994دا بە ناوی (پارتی گەلی دیموکراتی -HADEP )ەوە دامەزرا.
پارتی گەلی دیموکراتی وەک یەکەم پارتی کوردی بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی 1999دا کرد و تێیدا 37 شارەوانی و لە نێویاندا 7 سەرۆک شارەوانی لە ناوچە کوردییەکاندا بردەوە. واتە دوای تێپەڕبوونی 69 ساڵ و پانزە خول بەسەر هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا، دواجار کورد بۆ یەکەمین جار توانی بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا بکات.

**پ٢٤: ئەنجامی حزبە براوەکان لە نۆزدەیەمین خولی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا چۆنە، کە ڕۆژی (31-03-2019) ئەنجامدرا؟**

- پارتی دادو گەشەپێدان (AKP): 39 پارێزگا و 818 سەرۆک شارەوانی و 11,309 ئەندامی ئەنجومەنەکانی بردۆتەوە.
- پارتی گەلی کۆماری (CHP): 21 پارێزگا و 232 سەرۆک شارەوانی و 4,320 ئەندامی ئەنجومەنەکانی بردۆتەوە.
- پارتی مەهەپە (MHP): 11 پارێزگا و 169 سەرۆک شارەوانی و 3,675 ئەندامی ئەنجومەنەکانی بردۆتەوە.
- پارتی دیموکراتی گەلان (HDP): 8 پارێزگا و 99 سەرۆک شارەوانی و 1,570 ئەندامی ئەنجومەنەکانی بردۆتەوە.
- پارتی سەعادەت (SAADAT): 27 سەرۆک شارەوانی و 416 ئەندامی ئەنجومەنەکانی بردۆتەوە.
- پارتی باش (Iyi P): تەنها 9 سەرۆک شارەوانی بردۆتەوە.

| پارتە سیاسییە براوەکان | ژمارەی دەنگەکان | % دەنگەکان | پارێزگای براوە | سەرۆک شارەوانی براوە | ئەندامی ئەنجومەنی براوە |
|---|---|---|---|---|---|
| | ئەنجامی هەلبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا (2019-03-31) | | | | |
| AKP | 19.757.671 | %42,7 | 39 | 818 | 11,309 |
| CHP | 13.216.868 | %28.6 | 21 | 232 | 4,320 |
| MHP | 3.754.821 | %8.1 | 11 | 169 | 3,675 |
| HDP | 2.702.222 | %5.8 | 8 | 99 | 1,570 |
| SAADAT | 1.312.652 | %2.8 | 0 | 27 | 416 |
| IYIP | 3.375.467 | %7.3 | 0 | 9 | 0 |

## پ٢٥: قەیوم چییە و یاسای قەیوم کەی و بۆچی دەرچوو؟

قەیوم زاراوەیەکی یاساییە و بە واتای خۆسەپاندن یان دەستبەسەرداگرتن دێت بەسەر کۆمپانیا یان هەر دامەزراوەیەک کە تۆمەتبار بکردێت بە ئەنجامدانی کاری نایاسایی و لە بەرامبەردا سەپاندنی کەسێکی ڕێگەپێدراو وەک نوێنەری حکومەت بەسەریدا.

یاسای قەیوم ڕۆژی 14-08-2016 و مانگێک دوای کودەتاکەی ڕۆژی 15-07- 2016 لە پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگی ئەندام پەرلەمانەکانی هەردوو پارتی ئەکەپە و مەهەپەوە دەرچوێندرا و لە دوا ڕۆژی ڕاگەیاندنی باری نائاساییدا و لە ڕۆژی 20-07-2018دا هەردوو حزبی فەرمانڕەوا "یاسای ئاسایشی ناوخۆی تورکیا"شیان دەرچواند.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕاگەیاندنی باری نائاساییدا و پاڵپشت بە یاسای قەیوم لە کۆی 102سەرۆک شارەوانی هەڵبژێردراوی پارتی دەبەپە -هەدەپە 94 سەرکشارەوانیان دوورخرانەوە و ژمارەیەکیشیان دەستگیرکران، لە نێویاندا گەورە سەرۆکشارەوانییە هەڵبژێردراوەکانی هەریەک لە ئامەد و وان و ماردینیش هەبوون و هەمان ڕۆژ پشتبەست بە "یاسای قەیوم" کاربەدەستانی تر وەک نوێنەری دەوڵەت لە جێگەیان دانران.

## پەیمانگەی کوردی بۆ هەلبژاردن

ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانجنەویستە، ناوەڕاستی سالی (2002) لەلایەن چەند یاساناس و پارێزەرێکەوە دامەزرێنراوە، پەیمانگە هەولدەدات لە پێناو بلاوکردنەوەی هۆشیاری دەنگدەران و هەموارکردنی یاسای هەلبژاردنە گشتییەکان لە ئەنجومەنە هەلبژێردراوەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا.

kielections@gmail.com

www,kielections.com

7701573210

Kurdish Institute for Elections

Aram686

**بلاوکراوەکانی پەیمانگە لەم لینکەدا بخوێنەرەوە:**

**www.kielections.com**




## بلاوکراوەکانی نوسەر سەبارەت بە پرسی هەلبژاردن

- ڕێکەوتننامەی کۆپنهاگن و پرەنسیپی هەلبژاردنە دیموکراسییەکان - ئۆفیسی دەزگا دیموکراسییەکان‌و مافەکانی مرۆڤ (ODIHR-OSCE)- وارشۆ - وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ئارام جەمال - سالی 2004.
- توێژینەوەی گونجاوترین سیستمی هەلبژاردن بۆ بەفرەبازنەکردنی هەرێمی کوردستان- ئارام جەمال- ئابی 2019.
- پێشنیارنامەی هەموارکردنەوەی پرۆژەیاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢٠ - ئارام جەمال و دانا جەمیل- کانونی یەکەمی 2020.
- دەقی کوردی یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (9) سالی 2020 - وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ئارام جەمال - تشرینی دووەمی 2020.
- تۆماری دەنگدەران و فرەبازنەیی لە پرۆژە یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا (لەبەر رۆشنایی پرۆژەیاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)- ئارام جەمال و دانا جەمیل - ئەیلولی 2020.
- دیزاینی هەرێمی کوردستان لە فرە بازنەییدا (لەبەر رۆشنایی پرۆژەیاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ) - ئارام جەمال و دانا جەمیل - تشرینی یەکەمی 2020.
- بەرکەوتەی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەلبژاردنی داهاتووی سالی (2021)دا - ئارام جەمال و دانا جەمیل- تشرینی دووەمی 2020.
- کتێبی ئەوەی پێویستە لەبارەی سیستمەکانی هەلژاردنەوە بیزانین - ئارام جەمال - ک2 2021.
- نەخشەڕێی گۆڕانکاری ڕێژەی کۆتای ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا (خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە لە لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی پەیوەست بە کۆتای ژنان)- ئارام جەمال - کانونی یەکەمی 2021.
- لێکەوتەکانی یاسای نوێی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (کۆتای ئافرەتان- کاندیدی تاکەکەسی - عەدالەتی نوێنەرایەتی جوگرافی - کەمبوونەوەی ژمارەی کاندیدانی هەلبژاردن- گۆڕینی دەنگ بۆ کورسی) - ئارام جەمال و ئومێد مەحمود- نیسان 2022.
- هەلبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لەبەردەم داتا جیاوازەکاندا - ئارام جەمال- حوزەیران 2022
- پێشنیارکردنی رێگەچارەیەکی مامناوەند لەنێوان "یەکبازنەیی" و "فرەبازنەیی" لە هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا- ئارام جەمال- ئاب 2022.
- هەلبژاردنە گشتییەکانی سوید - ئارام جەمال - ئەیلول 2022.
- پەیپەری رێگەچارەی قەیرانی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستاندا - ئارام جەمال- ئەیلول 2022.
- کورسی کۆتای پێکهاتەکان لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانییەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - کانونی دووەم 2023.
- هەلوەستەیەک لەسەر لیستی نیمچە داخراو - ئارام جەمال- شوبات 2023.
- رێبەری بریکار لە پرۆسەی هەلبژاردندا - ئارام جەمال- نیسان 2023.
- 25 پرسیار لەبارەی هەلبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی تورکیا لە ئایاری 2023دا- ئارام جەمال- نیسانی 2023.
- رێگەچارەی جێگرەوە بۆ شێوازی هەلبژاردنی کورسی کۆتای پێکهاتەکان - ئارام جەمال- ئایاری 2023.
- کتێبی فەرهەنگی زاراوەکانی هەلبژاردن - ئارام جەمال- ئابی 2023.

Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

# 25 Questions About Turkey Local Elections

## 31 march 2024



**Aram Jamal**
**Exective Director**
**Kurdish Institute for Elections**

**March 2024**